# بایەخی ستراتیژەکانی ڕیکلامی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر لە هەرێمی کوردستاندا

## (توێژینەوەیەکی هەڵێنجراوە لە نامەی ماستەر)

سەربەست حمەحسێن فتح الله[1]، پ.ی.د. نەوزاد صدیق محمد[2]

[1]م خوێندکاری ماستەر، بەشی تەکنیکی میدیا، کۆلێژی تەکنیکی کارگێری، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، sarbast.fathalla.tca@spu.edu.iq
[2]م بەشی تەکنیکی میدیا، کۆلێژی تەکنیکی کارگێری، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، nozad.sidiq@spu.edu.iq

**نووسەری پەیوەندیکار:** سەربەست حمەحسێن فتح الله *

---

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی «بایەخی ستراتیژەکانی ڕیکلامی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ڕەفتاری بەکاربەران لە هەرێمی کوردستاندا» ئەنجامدراوە، ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە بریتیە لە هەڵسەنگاندنی بایەخ و کاریگەری ستراتیژەکانی ڕیکلامی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ڕەفتاری بەکاربەران، توێژینەوەکە لە جۆری توێژینەوە وەسفییەکانە و میتۆدی ڕووپێوی تێدا بەکارهاتووە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیە لە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان کە بەکارهێنەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانن و بەرکەوتەیان لەگەڵ ڕیکلامی نێو ئەم تۆڕانە هەیە، سامپڵی توێژینەوەکە لە (٢٨٦) بەرتوێژەر پێکهاتووە کە بە شێوازی سامپڵی ناهەڕەمەکی مەبەستدار هەڵبژێردراون، هەروەها بۆ کۆکردنەوەی داتاکان فۆرمی ڕاپرسی بەکارهاتووە.
گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە لە ڕوانگەی بەرتوێژانەوە ئەوە نیشان دەدەن کە بەرزی کوالێتی ناوەڕۆک و دیمەنی ڕیکلام، ئاشکراکردنی نرخ، ئۆفەری داشکاندن و گەواهیدانی بەکاربەران بە گرنگترین ستراتیژەکانی ڕیکلامی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەژمار دەکرێن، لە کاتێکدا دووبارەکردنەوەی ڕیکلام و بەشداریکردن لە ڕاپرسیەکانی نێو ڕیکلام کەمترین بایەخیان هەبووە، هەروەها دەرکەوتووە کە تیکتۆک، ئینستاگرام و فەیسبووک گرنگترین پلاتفۆرمەکانن بۆ ڕیکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستاندا، هەرچەندە ئاستی بەرکەوتنی ڕیکلام لەنێوانیاندا یەکسان نییە، بە گشتی ئەنجامەکان ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە ستراتیژەکانی ڕیکلامی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە ڕاکێشانی سەرنج، دابینکردنی زانیاری، هاندان و ئاراستەکردنی هەڵسوکەوت و بڕیاردانی کڕینی بەکاربەران لە هەرێمی کوردستاندا.

**وشە کلیلییەکان:** بایەخ، ستراتیژەکانی ڕیکلام، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ڕەفتاری بەکاربەر، هەرێمی کوردستان .

---

## پێشەکی

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و گەشەی خێرای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە شێوازی ڕاگەیاندن و بازرگانیدا دروستکردووە، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک یەکێک لە گرنگترین ڕایەڵەی پەیوەندی، ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە گواستنەوەی پەیامی ڕیکلامی و دروستکردنی پەیوەندی نێوان کۆمپانیا بازرگانییەکان و بەکاربەراندا، ئەم پلاتفۆرمانە بە هۆی تایبەتمەندییەکانی وەک پەیوەندی ڕاستەوخۆ، بەشداری و کارلێککاری بەکاربەران، وەرگری ئامانجدار و توانای بەرزی هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی ئەنجامەکان، بوونەتە ئامرازێکی سەرەکی بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژەکانی ڕیکلام.
لە هەمان کاتدا ڕەفتاری بەکاربەرانیش بە شێوەیەکی بەردەوام لە ژێر کاریگەری ئەو ناوەڕۆک و ڕیکلامانەدایە کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاودەکرێنەوە، هەڵبژاردنی ستراتیژییەکی گونجاو بۆ دروستکردنی ناوەڕۆک، بەئامانجگرتنی ووردی بەکاربەران، بەکارهێنانی کەسە کاریگەرەکان، جیاکردنەوەی بەرهەم، ڕیکلامی پارەدار و دووبارەکردنەوەی پەیامی ڕیکلامەکان، دەتوانێت سەرنجی بەکاربەران ڕابکێشێت و لە کۆتاییدا کاریگەری لەسەر بڕیاری کڕین و ڕەفتارەکانیان دروست بکات.

لە هەرێمی کوردستاندا لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و فراوانبوونی بەکارهێنانی ئەم تۆڕانە لەلایەن کۆمپانیا و دامەزراوە بازرگانییەکانەوە، گرنگی و پێویستی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی دەربارەی کاریگەری ستراتیژەکانی ڕیکلام لەسەر ڕەفتاری بەکاربەران زیاتر دەردەکەوێت، بۆیە ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە بە پشتبەستن بە چوارچێوەی تیۆری و ئەنجامەکانی توێژینەوە، بایەخ و کاریگەری ستراتیژە سەرەکییەکانی ڕیکلامی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ئاراستەکردنی ڕەفتاری بەکاربەران لە هەرێمی کوردستان هەڵبسەنگێنێت، هەروەها ئەو ستراتیژانە دیاری بکات کە زیاتر کاریگەریان لەسەر بڕیاردان و ڕەفتاری بەکاربەران هەیە لە هەرێمی کوردستاندا.

### بەشی یەکەم: ڕێبازنامەی توێژینەوەکە

**یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە:** کێشەی ئەم توێژینەوەیە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ڕیکلامی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی فراوان لە لایەن دامەزراوە و کۆمپانیا بازرگانیەکانەوە بەکاردەهێنرێت لە هەرێمی کوردستاندا، بەمەبەستی ڕاکێشانی سەرنج و ڕازیکردنی بەکاربەران، ئەمەش بە هۆی توانای بەرزی خزمەتگوزاری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە پێشکەشی دەکات لە بواری ڕیکلامدا، وەک بە ئامانجگرتنی وردی بەکاربەران، کەمی تێچووی دارایی، خێرایی لە گەیاندنی پەیامەکان، ئاسانی نوێکردنەوە و شیکردنەوەی داتای بەکاربەران،

لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا نیگەرانی و ئاڵنگارییەکان سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی ڕیکلامی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ئارادایە، چونکە هێشتا ناڕوونییەکی زانستی و ئەکادیمی هەیە سەبارەت بە ستراتیژەکانی ڕیکلامی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە تا چەند ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر ڕەفتاری بەکاربەران لە ناوخۆی هەرێمی کوردستاندا، بۆیە کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەدا کورت دەبێتەوە: **ئاستی کاریگەری ستراتیژەکانی ڕیکلامی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چەندە لەسەر ڕەفتاری بەکاربەران لە هەرێمی کوردستاندا؟**

**دووەم: پرسیارەکانی توێژینەوە**

١_ ئاستی کارلێکی بەکاربەران لە هەرێمی کوردستان چەندە بە ڕیکلامی بڵاوکراوەی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؟

٢_ ئاستی متمانەی بەکاربەران لە هەرێمی کوردستان چەندە بە ڕیکلامی بڵاوکراوەی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؟

٣_ بۆچونی بەکاربەران لەهەرێمی کوردستان چییە سەبارەت بە بایەخی ستراتیژەکانی ڕیکلامی بڵاوکراوە لە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا؟

٤_ بۆچونی بەکاربەران لەهەرێمی کوردستان چییە سەبارەت بە ڕەنگدانەوەی ستراتیژەکانی ڕیکلامی بڵاوکراوە لە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر؟

**سێیەم: ئامانجی توێژینەوەکە:** ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە، پێکهاتوون لەم خاڵانەی خوارەوە:

١_ دیاریکردنی ئاستی کارلێکی بەکاربەران لە هەرێمی کوردستان، بە ڕیکلامی بڵاوکراوەی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

٢_ دیاریکردنی ئاستی متمانەی بەکاربەران لە هەرێمی کوردستان، بە ڕیکلامی بڵاوکراوەی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

٣_ زانینی بۆچونی بەکاربەران لەهەرێمی کوردستان، سەبارەت بە بایەخی ستراتیژەکانی ڕیکلامی بڵاوکراوە لە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا.

٤_ زانینی بۆچونی بەکاربەران لەهەرێمی کوردستان، سەبارەت بە ڕەنگدانەوەی ستراتیژەکانی ڕیکلامی بڵاوکراوە لە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر.

**چوارەم: گرنگی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە بایەخێکی بەرچاو و فرە ڕەهەندی هەیە، چونکە ستراتیژەکانی ڕیکلام لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە دارشتنی ڕەفتاری بەکاربەران، بۆیە توێژەر گرنگی توێژینەوەکەی لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەخاتە ڕوو.

١_ **گرنگی زانستی:** بایەخی زانستی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە تیشک دەخاتە سەر (ستراتیژەکانی ڕیکلامی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان) کە لە ناوەندە ئەکادیمییەکانی هەرێمی کوردستاندا کەمتر باسی لێوە کراوە، ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر ئەو ستراتیژ و تایبەتمەندییانەی پەیوەستن بە جیهانی دیجیتاڵی و پلاتفۆرمەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بەمەش بۆشاییەکی گرنگی زانستی و میدیایی پردەکاتەوە و دەبێتە سەرچاوەیەکی بنەڕەتی و نوێ بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی زانکۆکان، هەروەها چوارچێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی دابین دەکات کە دەتوانرێت لەلایەن توێژەران و خوێندکارانەوە بۆ توێژینەوەکانی داهاتوو لە بواری میدیا و ڕیکلام و بازاڕگەریدا بەکاربهێنرێت.

٢_ **گرنگی کرداری:** ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ڕێنیشاندەرێکی کرداری گرنگن بۆ دامەزراوە و کۆمپانیا بازرگانییەکان لە هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی لە هەڵبژاردن و بەکارهێنانی گونجاوترین ستراتیژەکانی ڕیکلامی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ بەکاربەران و دروستکردنی کاریگەری لەسەر ڕەفتاریان.

**پێنجەم: جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفییە، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوە میتۆدی ڕووپێوی بەکارهێنراوە، هەروەها زانیارییەکان لە ڕێگەی فۆرمی ڕاپرسی کۆکراونەتەوە، بۆ هەڵسەنگاندنی بایەخی ستراتیژەکانی ڕیکلامی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەری لەسەر ڕەفتاری بەکاربەران، دواتر بە بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری گونجاو شیکردنەوە بۆ تێکرای داتاکان کراوە.

**شەشەم: کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوەکە:** کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە پارێزگاکانی (سلێمانی، هەولێر، دهۆک و هەڵەبجە) کە بەرکەوتەیان هەیە بە ڕیکلامی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، سامپڵی توێژینەوەکە (٢٨٦) بەشداربووە کە بە شێوازی سامپڵی ناهەڕەمەکی مەبەستدار هەڵبژێردراون، بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی تایبەتمەندییە دیمۆگرافییە جیاوازەکانی بەکاربەران بکەن.

**حەوتەم: بوار و سنورەکانی توێژینەوەکە**

١_ **سنوری شوێن:** ئەم توێژینەوەیە لە سنوری جوگرافی هەرێمی کوردستاندا ئەنجام دراوە، واتا هەموو داتا و زانیارییەکان لەم چوارچێوە جوگرافیەدا کۆکراونەتەوە بەمەش ئەنجامەکان تایبەت دەبن بە بارودۆخی هەرێمی کوردستان.

٢_ **سنوری کات:** سنوری کاتی مەیدانی توێژینەوە دەستپێدەکات لە ٢٠٢٥/١٢/١ و کۆتایی دێت لە ٢٠٢٦/٣/١ ئەم ماوەیە بریتییە لە قۆناغی کۆکردنەوەی زانیاری و جێبەجێکردنی ڕاپرسی و شیکردنەوەی داتا و زانیارییەکان.

٣_ **سنوری مرۆیی:** سنوری مرۆیی توێژینەوەکە بریتییە لە بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە هەرێمی کوردستاندا کە لە ڕێی ئەو تۆڕانەوە پرۆسەی کڕین و دەستکەوتنی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان ئەنجام دەدەن، ئەم سامپڵە لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەوە هەڵبژێردراون، بەپێی ڕێبازێکی زانستی کە پێی دەوترێت (سامپڵی ناهەڕەمەکی مەبەستدار) بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی ڕاست و دروست.

**هەشتەم: ئامرازە ئاماری و بیرکاریە بەکارهێنراوەکانی توێژینەوەکە:** دوای کۆتایی هێنان بە ڕێکاری کۆکردنەوەی داتاکانی توێژینەوەکە، پشت بەست بە پسپۆڕی میدیا و شارەزا لە بواری پرۆگرامی (SPSS) دیزاینی فۆرمی ڕاپرسی کراوە بە پێی تەوەر و پرسیارەکان، دواتر داتاکان داغڵکراون بە شێوەی ئەلیکترۆنی، پشت بەست بە ئاماری وەصفی بە شێوازی (Parametric) شیکردنەوە بۆ تێکرای داتاکان کراوە، بە بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری و بیرکاری جۆراوجۆر، وەک (**دووبارەبوونەوە و ڕێژەی سەدی، نێوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری، گرنگی ڕێژەیی و ئاستی گرنگی، ئامرازی پەیوەندی پێرسۆن** (Person Correlation Coefficient) بۆ دەرهێنانی پەیوەندی نێوان گۆڕاوی سەربەخۆ و پاشکەوتە، **تێستی وەن وەی ئەنۆڤا** (One Way Anova) بۆ جیاوازی داتای نێوان زیاتر لە دوو گرووپ لە مشتەی توێژینەوەکە)

**نۆیەم: چەمکەکانی توێژینەوە**

***بایەخ:** لەم توێژینەوەیەدا بایەخ بریتییە لە دەرخستنی ڕادەی گرنگی و ئاست و توانای ستراتیژەکانی ڕیکلامی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کە کۆمپانیا و دامەزراوەکان بەکاریدەهێنن بۆ ناساندنی کاڵا و بەرهەمەکانیان و گەیشتن بە ئامانجەکانیان.

*** ستراتیژی ڕیکلامی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:** مەبەست لەو ستراتیژانەیە کە لە چوارچێوەی ڕیکلامی بڵاوکراوەی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، لەلایەن کۆمپانیا و دامەزراوەکانەوە بەکاردەهێنرێت بۆ دروستکردنی کاریگەری ئەرێنی لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر، بە مەبەستی هاندانیان بۆ کڕین و زیادکردنی فرۆشتنی کاڵا و بەرهەمەکانیان.

*** تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:** مەبەست لەو پلاتفۆرمانەیە کە بەکاربەران و کۆمپانیاکان لە ڕێگەیانەوە پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی زانیاری ئەنجام دەدەن و پەیام و ناوەڕۆکی جۆراوجۆری ڕیکلامی تیادا بڵاودەکەنەوە، لەم توێژینەوەیەدا ئەم تۆڕانە وەک کەناڵێکی سەرەکی بۆ گەیاندنی ڕیکلام و دروستکردنی کاریگەری لەسەر ڕەفتاری بەکاربەران لە هەرێمی کوردستاندا پێناسەکراوە.

*** ڕەفتاری بەکاربەر:** ڕەفتاری بەکاربەر لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لە کۆی ئەو هەڵسوکەوت و کارلێک و بڕیارانەی کە تاکەکان لە کاتی بەرکەوتنیان بە ڕیکلامی بڵاوکراوەی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەنجامی دەدەن، بەم پێیە، ڕەفتاری بەکاربەر تەنها بریتی نییە لە بڕیاری کڕین، بەڵکوو ڕەنگدانەوە و وەڵامدانەوەی بەکاربەرە لە بەرامبەر ستراتیژەکانی ڕیکلامی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

*** هەرێمی کوردستان:** لەم توێژینەوەیەدا، هەرێمی کوردستان وەک سنورێکی جوگرافی سەربەخۆ لە باکوری عێراق دیاری کراوە، کە تایبەتمەندی ئابوری خۆی هەیە، سامپڵی توێژینەوەکەش لە ناو شارەکانی هەرێمی کوردستان هەڵبژێردراوە.

**دەیەم: توێژینەوەکانی پێشوو**

١_ توێژینەوەی (**أبرار عبد الله العزاز، ٢٠٢٥**) بە ناونیشانی (استراتيجيات التسويق عبر وسائل التواصل الاجتماعي وأثرها على ولاء العملاء) توێژینەوەیەکی بڵاوکراوەی گۆڤاری (Journal of Economic, Administrative and Legal Sciences ( JEALS )
ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە تێگەیشتن لە ڕادەی کاریگەری ستراتیژییەکانی بازاڕگەری لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، ئەم توێژینەوەیە لە جۆری توێژینەوەیەکی وەسفی شیکارییە توێژەر میتۆدی ڕووپێوی لەسەر سامپڵێکی (١٠٠) کەسی ئەنجام داوە، کە بە شێوەی سامپڵی هەڕەمەکی سادە هەڵبژێردراون، دەرئەنجامەکان بەوە گەیشتوون لە دەوڵەتی کوێت کۆمپانیاکان بە ڕێژەیەکی بەرز پشت دەبەستن بە ستراتیژەکانی بازاڕکردن لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە،


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps:**//sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12582]
- **Submission Date:** [16/7/2026], **Revised Date:** [16/7/2026], **Accepted Date:** [26/7/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

هەروەها ستراتیژەکانی بازارکردن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندییەکی ئەرێنی و بەڵگەداریان هەیە لەگەڵ بەرزبوونەوەی دڵسۆزی کڕیار.

٢_ توێژینەوەی **(حسناوي إكرام، ضوايفية جميلة، ٢٠٢٣)** بە ناونیشانی (أثر الإعلان عبر مواقع التواصل الاجتماعي على سلوك المستهلك) ئەم نامەی ماستەرە پێشکەشی زانکۆی (الشهيد الشيخ العربي التبسي) کراوە لە جەزائیر.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دیاریکردنی ئاستی کاریگەری ڕیکلامی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمپانیای (اتصالات الجزائر) لەسەر قوناغە جیاوازەکانی بڕیارەکانی کڕینی بەکاربەر، توێژینەوەکە لە جۆری توێژینەوەیەکی وەسفی شیکارییە، کە تیایدا توێژەران میتۆدی ڕووپێوی و فۆڕمی ڕاپرسی وەک ئامرازی سەرەکی بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاریەکانی بەکارهێناوە، هەروەها سامپڵی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە (١٠٢) بەرتوێژ کە بە شێوەی مەبەستدار هەڵبژێردراون، هەروەها دەرئەنجامەکان سەلماندویانە کە ڕیکلامی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییەکی بەڵگەداری لەسەر ڕەفتاری بەکاربەران و هەموو قۆناغەکانی بڕیاردانی کڕین هەیە.

٣_ توێژینەوەی **(ظاهر حمدأمين صابر، ٢٠٢٢)** بە ناونیشانی (ڕیکلامی ئەلیکترۆنی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ڕۆڵی لە هاندانی بڕیاری کڕین لای قوتابیانی زانکۆ) تێزێکی دکتۆرایە، پێشکەش بە زانکۆی سەلاحەدین کراوە.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی ڕادەی کاریگەریی ڕیکلامی ئەلیکترۆنی لەسەر بڕیاری کڕین لای قوتابیانی زانکۆ، ئەم توێژینەوەیە لە جۆری توێژینەوەیەکی وەسفییە، توێژەر میتۆدی ڕووپێوی و فۆڕمی ڕاپرسی بەکارهێناوە لەسەر سامپڵێک کە لە (٣٠٠) قوتابی ئەنجام دراوە، هەروەها دەرئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن کە ڕیکلامی ئەلیکترۆنی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییەکی ئەرێنی هەیە لەسەر بڕیاری کڕین، هەروەها ناوەڕۆکی باوەڕپێکراو و بەکارهێنانی ڤیدیۆ لە ڕاکێشانی سەرنجی بەکاربەراندا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە.

٤_ توێژینەوەی **(Fayq Al Akayleh, 2021)** بە ناونیشانی ( The influence of social media advertising on consumer behaviour) ئەم توێژینەوەیە لە گۆڤاری Middle East Journal of Management بڵاوکراوەتەوە، (کاریگەری ڕیکلامی سۆشیال میدیا لەسەر ڕەفتاری کڕینی بەکاربەران) ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی کاریگەری ڕیکلامەکانی سۆشیال میدیا لەسەر بڕیارەکانی کڕینی بەکاربەرانی (ریاز)ی پایتەختی سعودیە، ئەم توێژینەوەیە لە جۆری توێژینەوەیەکی وەسفییە، توێژەر میتۆدی ڕووپێوی و فۆڕمی ڕاپرسی بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاریەکانی بەکارهێناوە، سامپڵی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە (١٤٢٥) بەرتوێژ کە بەشێوەی هەڕەمەکی سادە هەڵبژێردراون، دەرئەنجامەکان ئەویان دەرخستووە کە ڕیکلامی سۆشیال میدیا کاریگەرییەکی بەرچاوی هەیە لەسەر بڕیاری کڕین، هەروەها کاریگەرییەکە لە گرووپی تەمەنی ٢٦-٤٥ و لە نێوان ژنان زیاترە.

**خاڵی جیاوازی توێژینەوە:** جیاوازی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوو لەوەدایە کە بە شێوەیەکی تایبەت جەخت دەکاتەوە لەسەر ستراتیژەکانی ڕیکلامی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەرییان لەسەر ڕەفتاری بەکاربەران لە هەرێمی کوردستان، لە دوای گەڕانی توێژەر لە نێو بەشێکی زۆری کتێبخانەی زانکۆکانی هەرێم و سێرچکردنی لە نێو ئینتەرنێت هیچ سەرچاوەیەکی چاپکراو و ئۆنلاینی بەردەست نەکەوتووە بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی کە ڕاستەوخۆ باسی ستراتیژەکانی ڕیکلام بکات لە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی تەنها گرنگی بە ڕیکلامی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەری لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر و بڕیاری کڕین دراوە، چەند توێژینەوەیەکیش ئاماژەیان بە فاکتەرەکانی وەک هۆشیاری براند و متمانە کردوە، ئەمەش بایەخی زانستی و جیاوازی ئەم توێژینەوەیە دەردەخات لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوو.

**سوودوەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو:** توێژەر سوودی لە توێژینەوەکانی پێشوو وەرگرتووە لە:

- دیاریکردنی چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوە و ئامرازەکانی کۆکردنەوەی داتا.
- ئامادەکردن و ڕێکخستنی فۆڕمی ڕاپرسی.
- سوودوەرگرتن لە سەرچاوە زانستییەکان و ئەنجامەکانی توێژینەوەکانی پێشوو، بۆ دیاریکردنی بۆشایی زانستی و ئاراستەی توێژینەوەی ئێستا.

**بەشی دووەم: زانیارینامەی توێژینەوەکە**

**یەکەم: چەمک و پێناسەی ڕیکلامی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان**

ڕیکلامی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان جۆرێکە لە ڕیکلامی ئەلیکترۆنی کە لە ڕێگەی پلاتفۆرمەکانی وەک فەیسبووک، ئینستاگرام، تیکتۆک و یوتیوب پەیامە بازرگانییەکان دەگەیەنێتە بەکاربەرانی بە ئامانجگیراو، ئەم جۆرە ڕیکلامە بە پشتبەستن بە ئەلگۆریتم، شیکاری داتا و ژیری دەستکرد، ڕێگە بە کۆمپانیاکان دەدات ڕیکلامەکانیان ئاراستە بکەن بەپێی خواست و پێداویستی بەکاربەران، ئەمەش کاریگەری و کارایی ڕیکلام زیاد دەکات. (Moorthi, 2025)

توێژەران پێناسەی جیاوازیان بۆ ئەم چەمکە خستووتەڕوو، بەڵام هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن کە ڕیکلامی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕێکلامێکی ئۆنلاینە کە بە تێچووی کەم، بڵاوبوونەوەی خێرا، کارلێک لەگەڵ بەکاربەر و توانای بە ئامانجگرتنی وردی جیا دەکرێتەوە لە ڕیکلامی تەقلیدی، هەروەها بەکارهێنانی وێنە، ڤیدیۆ و ناوەڕۆکی مالتیمیدیا لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرە ڕیکلامەیە. (مصطفي، ٢٠٢٤، ٩)

**دووەم: تایبەتمەندی ڕیکلامی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان**

ڕیکلامی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەهۆی تایبەتمەندییەکانی ئەم پلاتفۆرمانەوە لە ڕیکلامی تەقلیدی جیاوازە، گرنگترین ئەو تایبەتمەندییانە بریتین لە:

١_ خێرایی لە بڵاوبوونەوە و گەیاندنی ڕیکلامەکە بە زۆرترین بەکاربەر لە ماوەیەکی کورتدا. (إكرام، جميلة، ٢٠٢٣، ٢٩)

٢_ کارلێکی ڕاستەوخۆ لەنێوان ڕێکخراو و بەکاربەر، لە ڕێگەی کۆمێنت، نامە و وەڵامدانەوەی خێرا. (عائشة، ٢٠٢٠، ٢٥،٢٧)

٣_ بە ئامانجگرتنی بەکاربەران بە پشتبەستن بە ئەلگۆریتم و تایبەتمەندیيە دیمۆگرافییەکان، بۆ گەیاندنی ڕیکلام بە گرووپی گونجاو. (Adisa, 2023)

٤_ دەستڕاگەیشتنی فراوان، چونکە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان سنووری جوگرافیان نییە، ڕێگە بە کۆمپانیاکان دەدەن پەیامە ڕیکلامییەکانیان بگەیەنن بە ژمارەیەکی فراوان لە بەکاربەران.

٥_ پێوانەکردنی ئەنجامەکان و چاودێریکردنی کارلێکی بەکاربەران وەک کلیک، شەیرکردن و کۆمێنت، کە هەڵسەنگاندنی کاریگەری ڕیکلام ئاسان دەکات. (ظاهر، ٢٠٢٢، ٥٨)

٦_ کەمی تێچوو و نوێکردنەوەی ئاسان، چونکە دەتوانرێت ڕیکلامەکان بە خێرایی دەستکاری و نوێ بکرێنەوە بەبێ تێچووی زۆر.

٧_ بەکارهێنانی مالتیمیدیا وەک وێنە، ڤیدیۆ، دەنگ، هەروەها پەخشی ڕاستەوخۆ، کە سەرنجی بەکاربەران زیاتر ڕادەکێشێت. (عائشة، ٢٠٢٠، ٢٧)

**سێیەم: بایەخی ڕیکلامی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان**

ڕیکلامی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان یەکێکە لە گرنگترین ئامرازەکانی بە بازارکردنی دیجیتاڵی، چونکە ڕێگە بە کۆمپانیا و دامەزراوەکان دەدات بە تێچوویەکی کەم، بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانیان بناسێنن و هۆشیاری لەسەر براندەکانیان زیاد بکەن، بە تایبەتی بۆ کۆمپانیا و دامەزراوە بچووک و مامناوەندەکان کە ئامانجیان فراوانکردنی بازارە لەگەڵ گەیشتن بە ژمارەیەکی زیاتر لە کڕیارە ئەگەرییەکاندا. (Abdalaziz, 2019, 600)

لە ڕووی بەکاربەرەوە، ڕیکلامی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە ئاگادارکردنەوە و سەرنجراکێشان و ڕێنماییکردنی بەکاربەران بۆ بڕیاری کڕین، هەروەها یارمەتیان دەدات جیاوازی لەنێوان کاڵا و خزمەتگوزارییە هاوشێوەکاندا بکەن و زیاتر متمانە بە براندەکان بکەن. (إكرام، جميلة، ٢٠٢٣، ١٢،١٣)

هەروەها ئەم جۆرە ڕیکلامە بەهۆی توانای شیکردنەوەی داتا و پێوانەکردنی ئەدای ڕیکلام و هەڵسەنگاندنی کارلێکی بەکاربەران، زانیارییەکی ورد و بەسوود بۆ کۆمپانیاکان دابین دەکات، یارمەتییان دەدات باشتر پلان ستراتیژی دابڕێژن بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی وردتر بگەن بە ئامانجەکانیان، کە ئەمەش لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی زیادبوونی فرۆش و بەهێزبوونی پەیوەندی لەگەڵ بەکاربەران.(العبانة، ٢٠٢٥، ١٩) (حماد، ٢٠١٧، ٣٦)

**چوارەم: جۆرە سەرەکییەکانی ستراتیژی ڕیکلام لە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا:**

**١_ ستراتیژی کەسە کاریگەرەکان:** ستراتیژی کەسە کاریگەرەکان یەکێکە لە گرنگترین ستراتیژەکانی ڕیکلام لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کە تێیدا کۆمپانیا و دامەزراوەکان پشت بە کەسانێک دەبەستن کە ژمارەیەکی زۆر شوێنکەوتوویان هەیە، هەروەها بە کەسانی متمانەپێکراو و کاریگەر ناسراون لە کۆمەڵگادا، ئەم کەسانە بەهۆی توانایان لە دروستکردنی ناوەڕۆکی سەرنجراکێش، کاریگەرییان لەسەر بۆچوون و ڕەفتاری شوێنکەوتووانیان هەیە، بە جۆرێک یارمەتی ناساندنی براند، یان زیادکردنی کارلێک و هانی شوێنکەوتووانیان دەدەن بۆ بڕیاری کڕین.(Ramos, 2021, 41)

**٢_ ستراتیژی جیاکردنەوەی بەرهەم:** ستراتیژی جیاکردنەوەی بەرهەم یەکێکە لە گرنگترین ستراتیژەکانی ڕیکلام لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کە ئامانجی سەرەکیی بریتییە لە دەرخستنی تایبەتمەندی و بەهای جیاوازی کاڵا یان خزمەتگوزارییەک بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمی ڕکابەرەکانی، ئەم ستراتیژە بە جەختکردنەوە لەسەر تایبەتمەندییە ناوازەکان، پێشکەشکردنی ئۆفەر و داشکاندن، یان پیشاندانی چارەسەری کێشەکانی بەکاربەر، هەوڵدەدات سەرنجیان ڕابکێشێت و هانیان بدات بۆ بڕیاری کڕین. (معراوي، ٢٠٢٠، ٤٩)

**٣_ ستراتیژی بە ئامانجگرتنی بینەرانی گونجاو:** بریتیە لە ئاراستەکردنی پەیامی ڕیکلام بۆ گرووپێکی دیاریکراوی بەکاربەران نەک تەواوی بازاڕ، ئەم ستراتیژە پشت بە دابەشکردنی بەکاربەران دەبەستێت بەپێی تایبەتمەندییە دیمۆگرافیەکان وەک تەمەن، ڕەگەز، شوێنی نیشتەجێبوون و ئاستی خوێندەواری، هەروەها تایبەتمەندییە ڕەفتارییەکان لە ڕێگەی ئەلگۆریتمەکانەوە، وەک شێوازی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، حەز و ئارەزوو، گەڕان، کارلێک و وەستانیان لەسەر پۆستەکانی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ ئەوەی گونجاوترین پەیامی ڕیکلام لە گونجاوترین پلاتفۆرمەکانەوە بگاتە ئامانجی دیاریکراو، کە ئەمەش دەبێتە هۆی زیادکردنی کاریگەری و کارایی ڕیکلام، لەگەڵ کەمکردنەوەی تێچووی ڕیکلام و زیادکردنی ئەگەری وەڵامدانەوە و بڕیاردانی کڕین. (Caswell, 2025)

**٤_ ستراتیژی دروستکردنی ناوەڕۆک:** بریتیە لە پلاندانان و ئامادەکردنی ناوەڕۆکی ڕیکلامی گونجاو بەپێی پێویستی و تایبەتمەندییەکانی ئامانجی ڕیکلام، چونکە ناوەڕۆکی بەنرخ و سەرنجڕاکێش ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە ڕاکێشانی بەکاربەران و زیادکردنی کارلێک، هەروەها دەتوانێت وێنەی براند بەهێز بکات و متمانەی بەکاربەران زیاد بکات و کاریگەری لەسەر بڕیاری کڕین و زیادبوونی فرۆش دروست بکات. (الكاملي، ٢٠١٩، ١٣٥)

**٥_ ستراتیژی چیرۆک ئامێز:** ستراتیژی چیرۆک ئامێز یەکێکە لە ستراتیژە کاریگەرەکانی ڕیکلام لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کە لە ڕێگەی چیرۆک و توخمە سۆزدارییەکانەوە پەیوەندییەکی سۆزداری لەنێوان براند و بەکاربەر دروست دەکات، ئەم ستراتیژە هەوڵدەدات چیرۆکێک دەربارەی براند یان ئەزموونی کڕیار بگێڕێتەوە، بە شێوەیەک کە بەکاربەر بتوانێت خۆی لەگەڵ ناوەڕۆکەکە بگونجێنێت و پەیوەندییەکی سۆزداری لەگەڵ دروست بکات، بۆیە دەتوانێت سەرنج، کارلێک، متمانەی بەکاربەران بەرز بکاتەوە، بە تایبەتی کاتێک ناوەڕۆکەکە پەیوەندیدار و ڕاستگۆیانە و ئیلهامبەخش بێت، بۆ نموونە گێڕانەوەی چیرۆکی سەرکەوتنی کڕیارێک لە بەکارهێنانی بەرهەمێک، یان باسکردنی چۆنیەتی دامەزرانی براند، ئەم ستراتیژە دەتوانێت هەستی نزیکی و متمانە لەلای بەکاربەران دروست بکات، کە لە کۆتاییدا ئەگەری کارلێک، هاوبەشکردنی ناوەڕۆک و بڕیاردانی کڕین زیاد دەکات. (Ramos, 2021, 43)

**٦_ ستراتیژی ڕیکلامی پارەدار (سپۆنسەر):** ستراتیژی ڕیکلامی پارەدار (سپۆنسەر) بریتییە لە تەرخانکردنی بودجەیەکی دیاریکراو بۆ پیشاندانی ڕیکلام بە گرووپی ئامانجدار لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئەم ستراتیژە ڕێگە بە کۆمپانیا و دامەزراوەکان دەدات تێچوو و بەرکەوتنی ڕیکلامەکانیان بە وردی کۆنترۆڵ بکەن و لە ماوەیەکی کورتدا بە ژمارەیەکی زۆرتر لە بەکاربەران بگەن، کە ئەمەش کاریگەری و کارایی هەڵمەتی ڕیکلامی زیاد دەکات. (Steve, 2021, 25)

**٧_ ستراتیژی دووبارەکردنەوەی ڕیکلام:** ستراتیژی دووبارەکردنەوەی ڕیکلام بریتیە لە دووبارە پیشاندانی ڕیکلام بۆ ئەو بەکاربەرانەی پێشتر کارلێکیان لەگەڵ براند یان لاپەڕەی کۆمپانیا و دامەزراوە بازرگانییەکان هەبووە بەڵام بڕیاری کڕینیان نەداوە، ئەم ستراتیژە هۆشیاری براند زیاد دەکات، براند لە مێشکی بەکاربەر زۆرتر جێگیر دەکات و ئەگەری گەڕانەوە و تەواوکردنی پرۆسەی کڕین بەرز دەکات، بە تایبەتی لەو حاڵەتانەی گەشتی کڕیار درێژخایەن و ئاڵۆز بێت.(WordStream, n.d.)

**پێنجەم: هۆکارە سەرکییەکانی کاریگەری لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر**

ڕەفتاری بەکاربەر دیاردەیەکی ئاڵۆزە لە ژێر کاریگەری چەندین هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکیدایە، بەکاربەر بە شێوەیەکی هەڕەمەکی بڕیاری کڕین نادات، بەڵکو لە ئەنجامی کارلێکی چەندین کاریگەرییەوە سەرچاوە دەگرن، ئەم هۆکارانە یارمەتی کۆمپانیا و دامەزراوە بازرگانییەکان دەدات بۆ لێکدانەوە و پێشبینیکردنی ڕەفتاری بەکاربەران و تێرکردنی پێداویستی و ئارەزووەکانیان. (الهريمي، ٢٠١٩، ١٥)

**١_ هۆکارە دەروونییەکان:** دەروونناسی گونجاوترین چوارچێوەی بۆ شیکردنەوە و تێگەیشتن لە ڕەفتاری تاک بەرامبەر بە بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان دابین کردووە، کڕینی بەرهەمێکی دیاریکراو یان پەسەندکردنی براندێکی دیاریکراو بەسەر ئەوانی دیکەدا، تاڕادەیەکی زۆر لە ژێر کاریگەری کۆمەڵێک تایبەتمەندی دەروونی تاکەکەسی دایە، وەک پێداویستی، تێگەیشتن، فێربوون، هەڵوێست و کەسایەتی، ئەم هۆکارە دەروونیانە ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەگێڕن لە داڕشتنی هەڵبژاردنی بەکاربەر، (راضية، ٢٠٠٩، ١١)

**٢_ هۆکارە ئابوورییەکان:** هۆکارە ئابوورییەکان یەکێکە لە هۆکارە دەرەکییەکان کە کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر هەیە، ئەم هۆکارە توانا و ئامادەیی بەکاربەر بۆ کڕینی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان سنوردار دەکات، بە تایبەتی ئاستی داهات و بارودۆخی ئابووری و پیشە. (ثابت، ٢٠١٧، ٧٧)

**٣. هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان:** هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر، چونکە تاکەکان بڕیاری کڕین بە گۆشەگیری نادەن بەڵکو لە ژێر کاریگەری ژینگەی کۆمەڵایەتی خۆیاندان، گرنگترین هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان کە کاریگەرییان لەسەر ڕەفتاری بەکاربەران هەیە بریتین لە: چینی کۆمەڵایەتی، سەرکردەکانی بیروڕا، گرووپە ژێدەرەکان (مەرجەعییەکان) وەک خێزان، هاوڕێ، گرووپ و ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکان،(ظاهر حمد، ٢٠٢٢، ١٤٥)

**٤. هۆکارە کولتوورییەکان:** کولتوور ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە داڕشتنی ڕەفتاری بەکاربەردا، بەو پێیەی کولتوور کاریگەری لەسەر بەها و بیروباوەڕ و هەڵوێست و بۆچوونی تاکەکان هەیە، ڕاستەوخۆ ڕەنگ دەداتەوە لە بڕیارەکانی کڕینیاندا، بەکاربەران لە ڕێگەی کولتوورەوە وابەستەن بە هەندێک بەرهەم و براند، چونکە هەوڵدەدەن ناسنامە و بەها کولتوورییەکانیان بپارێزن، هەروەها کولتوور دەتوانێت ڕەزامەندی بەکاربەر بۆ بەشێک لە پێداویستییەکانی دیاریبکات، بۆیە ئەو بەرهەم و کاڵایانەی کە لەگەڵ بەها کولتووریەکاندا یەکدەگرنەوە زیاتر لەلایەن بەکاربەرانەوە وەڵام دەدرێنەوە.

بەها کولتوورییەکان لە ڕێگەی خێزان، دامەزراوە پەروەردەییەکان، میدیا، ڕێکخراوە مەدەنی و ئایینییەکانەوە دەگوازرێتەوە، تێگەیشتن لە جیاوازییە کولتووریەکان یارمەتی دامەزراوە و کۆمپانیاکان دەدات بە شێوەیەک پەیامی ڕیکلامی دابڕێژن کە لەگەڵ چاوەڕوانی و ئارەزووەکانی بەکاربەراندا بگونجێت. (Lake, 2009, 15)

**٥_ هۆکارە تەکنەلۆژییەکان:** هۆکارە تەکنەلۆژییەکان ئاماژەن بۆ کاریگەری تەکنەلۆژیا مۆدێرنەکان لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر، پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا ڕەفتاری بەکاربەرانی گۆڕیوە وایکردووە کە زیاتر ئاگادار و هۆشیار بن، چونکە دەتوانن بە ئاسانی بەدوای زانیاریدا بگەڕێن هەڵسەنگاندن و بەراوردکاری بۆ بەرهەم و کاڵا هاوشێوەکان بکەن، پێش ئەوەی بڕیاری کڕین بدەن، لە ڕێگەی گەڕانی ئینتەرنێت و پلاتفۆرمی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و چاتبۆتی زیرەکی دەستکرد (AI) کە دەتوانێت بە پێشنیاری کەسی یارمەتیان بدات، بەکاربەران دەتوانن بەئاسانی دەستیان بگات بە نرخ و نوێترین تایبەتمەندییەکانی بەرهەم کە لەگەڵ بەرژەوەندی و پێداویستییەکانیان دەگونجێت، ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر و بڕیارەکانی کڕینیان هەیە.

**٦_ هۆکار سیاسی و ژینگەییەکان:** هۆکارە سیاسییەکان ئاماژەن بۆ سەقامگیری سیاسی و بڕیار و سیاسەتە گشتیەکانی حکومەت وەک یاسا و ڕێساکانی بازرگانی و باجدان، کە کاریگەرییان هەیە لەسەر متمانە و بڕیاری کڕینی بەکاربەر، لە ژینگە سیاسییە سەقامگیرەکاندا بەکاربەران هەست بە ئاسایش دەکەن، ئەمەش هاندەرێکی بەهێزە بۆ خەرجکردن و گەشەی بازاڕ، لە کاتێکدا ناسەقامگیری سیاسی، قەیرانەکان، یان ململانێکان زۆرجار نادڵنیایی دروست دەکەن، ئەمەش وایکردووە بەکاربەران خەرجیەکانیان کەمبکەنەوە، لەم کاتانەدا خواست لەسەر کەرتەکانی وەک خانووبەرە و ئوتۆمبێل و کەلوپەل و کاڵای ناوماڵ و جوانکاری کەم دەبێتەوە، لە بەرامبەردا قەیرانی خۆراک و سوتەمەنی دروست دەبێت.

هەروەها هۆکارە ژینگەییەکان پەیوەندییان بە بارودۆخ و گۆڕانی وەرزی و ڕووداوە سروشتیەکانەوە هەیە کە کاریگەرییان لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر هەیە، بەتایبەتی لەکاتی کەشوهەوای زۆر سارد و گەرمدا یان لە کاتی بوومەلەرزە و لافاو و کارەساتە سروشتییەکاندا، پێداویستییەکانی بەکاربەر دەگۆڕدرێن بەرەو کاڵا سەرەکییەکان، بۆیە ئەم بارودۆخە ژینگەییانە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە دیاریکردنی پێداویستییەکانی بەکاربەر و بڕیاری کڕین. (Al-Ababneh, 2025, 23)

**شەشەم: کاریگەریی ستراتیژەکانی ڕیکلامی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر لە چوارچێوەی مۆدێلی AIDA**

مۆدێلی **AIDA** یەکێکە لە مۆدێلە بەناوبانگەکان لە بواری بازرگانی و ڕیکلامدا، کە دەتوانرێت کاریگەریەکانی ڕیکلام لەسەر ڕەفتاری بەکاربەران لە چوار


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**://sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12582]
- **Submission Date:** [16/7/2026], **Revised Date:** [16/7/2026], **Accepted Date:** [26/7/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

قۆناغدا شی بکاتەوە، قۆناغەکانی بەم شێوەیەن: **سەرنجراکێشان (Attention)حەز (Interest) ئارەزوو (Desire) کردار (Action)** لە ڕوانگەی ئەم مۆدێلەوە، ستراتیژەکانی ڕیکلام هەوڵدەدەن بەکاربەر بە شێوەی هەنگاو بە هەنگاو لە سەرنجراکێشانەوە بەرەو کردار و بڕیاری کڕین ئاراستە بکەن.

**١_ سەرنجراکێشان (Attention):** یەکەم قۆناغی کاریگەریی ڕیکلام بریتییە لە ڕاکێشانی سەرنجی بەکاربەر، لەم قۆناغەدا لە ڕێگەی ستراتیژەکانی وەک ناوەڕۆکی سەرنجراکێش، دیمەنی کوالێتی بەرز، ڤیدیۆ و چیرۆکگێڕانەوە، دەتوانرێت سەرنجی بەکاربەران ڕابکێشێت، هەروەها وا لە ڕیکلامەکە دەکات جیاواز بێت لە زۆرێک لە ناوەڕۆکی ڕیکلامەکانی تر، بۆیە ئامانجی ئەم قۆناغە بریتییە لە ناساندنی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان، یان کۆمپانیا و دامەزراوە بازرگانییەکان.

**٢_ حەز (Interest):** لەم قۆناغەدا لە ڕێگەی ستراتیژەکانی ڕیکلامەوە هەوڵدەدرێت بەکاربەران ڕابکێشرێت بۆ حەزی زانینی زیاتر سەبارەت بە کاڵا یان خزمەتگوزارییەکان، چونکە تەنها ڕاکێشانی سەرنج بۆ سەرکەوتنی پەیامی ڕیکلام بەس نییە، بەڵکو پێویستە ناوەڕۆکی پەیامەکە ئەوەندە بایەخدار و کاریگەر بێت کە بیرکردنەوە و پرسیارە جیاوازەکان لە مێشکی بەکاربەر دروست بکات و هانی بدات بە پەرۆشییەوە تەماشای پەیامەکە بکات، ئەمەش کاتێک بەدەست دێت کە پەیامی ڕیکلامەکە لەگەڵ پێویستی و ئارەزوو و حەزەکانی بەکاربەردا یەکبگرنەوە، ئەمەش لە ڕێگەی پێشکەشکردنی زانیاریی ڕوون، تایبەتمەندی و سوودەکانی کاڵا یان خزمەتگوزارییەکان.(صدیقي، ٢٠٢٣، ٢٣)

**٣_ خواست (Desire):** لەم قۆناغەدا ستراتیژەکانی ڕیکلام هەوڵدەدەن حەزی بەکاربەر لە (ئەوەم بە دڵە) بگۆڕن بۆ ئارەزووی بەدەستهێنانی بەرهەم (دەمەوێت بیکڕم)، لەم بارەیەوە گەواهیدانی بەکاربەران لە ڕێگەی پێشنداني کۆمێنتە ئەرێنییەکان، یان ئۆفەر و خستنە ڕووی بەهای بەرهەم، دەتوانرێت متمانەی بەکاربەران زیاد بکات و مەیلی کڕین بەهێزتر بکات.

**٤_ کردار (Action):** ئەم قۆناغەی کۆتایی ڕەنگدانەوەی سەرکەوتنی پرۆسەی پەیوەندیکردنە لە قۆناغەکانی پێشوودا، دوای ئەوەی بەکاربەر ئاگاداری تایبەتمەندی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان دەبێت و کاریگەری دەبێت لەسەری، بۆیە لێرەدا بڕیارێکی گرنگ دەدات و بە شایەنی کڕینی دەزانێت، لەم قۆناغەدا ستراتیژەکانی وەک (پەیوەندی بکە)، دیاریکردنی نرخ، داشکاندن و دووبارەکردنەوەی ڕیکلامەکان دەتوانن ئەگەری ئەنجامدانی کڕین زیاد بکەن. (زواوي، ٢٠١٣، ١٧٠)

**بەشی سێیەم: کردەنیامەی توێژینەوەکە**

توێژەر لەم بەشەدا ئەنجامی پراکتیکی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو، کە پێکدێت لە ئاماژەدان بە تایبەتمەندی دیموگرافی سامپڵی توێژینەوەکە، هەروەها خستنە ڕووی وەڵامی سامپڵی توێژینەوەکە دەربارەی پرسیار و تەوەرە سەرەکییەکانی ئامرازی توێژینەوەکە.

**یەکەم/ دیموگرافیای زانیارییەکانی توێژینەوەکە.**

**خشتەی (١)**

تایبەتمەندی دیموگرافی ڕەگەزی سامپڵی توێژینەوەکە

| تایبەتمەندی دیموگرافی | بڕگەکان | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | ١٤٦ | ٥١ | ١ |
| | مێ | ١٤٠ | ٤٩ | ٢ |
| | کۆی گشتی | ٢٨٦ | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (١) تا ڕادەیەکی زۆر ژمارەی بەشداربووانی توێژینەوەکە لە ڕووی ڕەگەزەوە نزیک و هاوسەنگە، چونکە جیاوازی نێوان نێر و مێ تەنها (٢٪)ە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە سامپڵی توێژینەوەکە لە ڕووی ڕەگەزەوە هاوسەنگییەکی گونجاوی هەیە، کە دەتوانێت نوێنەرایەتییەکی باش بۆ کۆمەڵگای توێژینەوە بکات.

**خشتەی (٢)**

**تایبەتمەندی دیموگرافی تەمەنی سامپڵی توێژینەوەکە**

| تایبەتمەندی دیموگرافی | بڕگەکان | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| تەمەن | ١٨ بۆ ٢٤ ساڵ | ٩٩ | ٣٤،٦ | ١ |
| | ٢٥ بۆ ٣١ ساڵ | ٥٠ | ١٧،٥ | ٣ |
| | ٣٢ بۆ ٣٨ ساڵ | ٤٧ | ١٦،٤ | ٤ |
| | ٣٩ بۆ ٤٥ ساڵ | ٥٨ | ٢٠،٣ | ٢ |
| | ٤٦ ساڵ و زیاتر | ٣٢ | ١١،٢ | ٥ |
| | کۆی گشتی | ٢٨٦ | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٢) زۆرترین بەشداربووانی توێژینەوەکە لە تەمەنی (١٨–٢٤ ساڵ) بوون، پاشان کەمترین بەشداربووانیش گرووپی تەمەنی (٤٦ ساڵ و زیاتر)، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە بەکاربەران لە هەرێمی کوردستاندا زیاتر ڕەنگدانەوەی لە تەمەنی (١٨ بۆ ٢٤ ساڵ)دا هەبووە بە بەراورد لەگەڵ ئاستەکانی دیکەی تەمەن، واتە تەمەنی (١٨ بۆ ٢٤ ساڵ) زیاتر بەکاربەرن لەچاو ئاستەکانی دیکەی تەمەندا.

**خشتەی (٣)**

تایبەتمەندی دیموگرافی بڕوانامەی سامپڵی توێژینەوەکە

| تایبەتمەندی دیموگرافی | بڕگەکان | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| بڕوانامە | بنەڕەتی | ٢٠ | ٧ | ٥ |
| | ئامادەیی | ٧٨ | ٢٧،٣ | ٢ |
| | دبلۆم | ٦٣ | ٢٢ | ٣ |
| | بەکالۆریۆس | ٩٣ | ٣٢،٥ | ١ |
| | خوێندنی باڵا | ٣٢ | ١١،٢ | ٤ |
| | کۆی گشتی | ٢٨٦ | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٣) سامپڵی توێژینەوەکە هەموو ئاستەکانی خوێندنی لەخۆگرتووە، هەرچەندە زۆرترین بەشداربووان هەڵگرانی بڕوانامەی (بەکالۆریۆس) بوون، پاشان بڕوانامەی (ئامادەیی)، وە کەمترین بەشداربووان هەڵگرانی بڕوانامەی (بنەڕەتی) بوون، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە زۆرترین بەشداربووانی توێژینەوەکە لە تەمەنی (١٨–٢٤ ساڵ)دان، کە بە گشتی ئەم قۆناغە تەمەنییە لەگەڵ قۆناغی خوێندنی زانکۆیی و پەیمانگاکان یەکدەگرێتەوە، بۆیە بەرزی ڕێژەی هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە سامپڵی توێژینەوەکەدا ئاسایی دەردەکەوێت.

**خشتەی (٤)**
**تایبەتمەندی دیموگرافی پارێزگا سامپڵی توێژینەوەکە**

| تایبەتمەندی دیموگرافی | برگەکان | دووبارە بونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| پارێزگا | سلێمانی | ٩٦ | ٣٣،٦ | ١ |
| | هەولێر | ٨٢ | ٢٨،٧ | ٢ |
| | دهۆک | ٦٧ | ٢٣،٤ | ٣ |
| | هەڵەبجە | ٤١ | ١٤،٣ | ٤ |
| | کۆی گشتی | ٢٨٦ | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٤) جیاوازی لە پشکی بەشداربووانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا دەبینرێت، ئەمەش بەهۆی جیاوازی چڕی دانیشتوانە لە نێوان پارێزگاکان و پشکی هەر پارێزگایەک لە کۆمەڵگای توێژینەوەکە، هەروەها ئامادەیی تاکەکان بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازە، ئەم جیاوازییە پەیوەندی بە ئاستی کراوەیی کۆمەڵایەتی و بەدەمەوە هاتنی تاکەکانە لە خستنەڕووی زانیارییەکانیان.

**دووەم/ وەڵامی سامپڵی توێژینەوە.**

**خشتەی (٥)**
بەکارهێنانی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکە

| بەکارهێنان | برگەکان | دوبارە بونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| تۆرە کۆمەڵایەتییەکان | لینکیدئین | ٧ | ٢،٤ | ٦ |
| | ئێکس | ١ | ٠،٣ | ٧ |
| | تیکتۆک | ٤٨ | ١٦،٨ | ٣ |
| | سناپچات | ٤٢ | ١٤،٧ | ٤ |
| | ئینستاگرام | ٧٦ | ٢٦،٦ | ٢ |
| | یوتیوب | ١٢ | ٤،٢ | ٥ |
| | فەیسبووک | ١٠٠ | ٣٥ | ١ |
| | کۆی گشتی | ٢٨٦ | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٥) فەیسبووک لە نێوان بەکارهێنەرانی تۆرە کۆمەڵایەتییەکانی سامپڵی توێژینەوەکەدا زۆرترین بەکارهێنانی هەیە، پاشان ئینستاگرام و تیکتۆک دێن، ئەم ئەنجامە تا رادەیەکی زۆر ڕەنگدانەوەی دۆخی راستەقینەی بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکانی تۆرە کۆمەڵایەتییەکانە لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا، کە داتا جیهانییەکانی Statcounter Global Stats و NapoleonCat یش لە ساڵی ٢٠٢٦ پشتراستی دەکەنەوە کە فەیسبووک هێشتا لە پلەی یەکەمی بەکارهێناندا دێت، پاشان ئینستاگرام و تیکتۆک، هۆکاری مانەوەی فەیسبووک لە پلەی یەکەمدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە یەکێکە لە کۆنترین و باوترین پلاتفۆرمەکان و بەکارهێنەران بۆ مەبەستە جیاوازەکان وەک پەیوەندی کۆمەڵایەتی، هەواڵ، گرووپەکان و کڕین و فرۆشتن بەکاری دەهێنن. (Statcounter Global Stats, 2026; NapoleonCat, 2026)

**خشتەی (٦)**
کاتژمێری ڕۆژانەی بەکارهێنانی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکە

| تۆرە کۆمەڵایەتییەکان | برگەکان | دوبارە بونەوە | ڕێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| کاتژمێری ڕۆژانەی بەکارهێنان | کەمتر لە ١ کاتژمێر | ٢١ | ٧،٣ | ٤ |
| | ١ بۆ ٢ کاتژمێر | ٨١ | ٢٨،٣ | ٢ |
| | ٣ بۆ ٤ کاتژمێر | ١٢١ | ٤٢،٣ | ١ |
| | ٥ کاتژمێر و زیاتر | ٦٣ | ٢٢،١ | ٣ |
| | کۆی گشتی | ٢٨٦ | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٦) زۆرینەی بەشداربووانی توێژینەوەکە ڕۆژانە لە نێوان (٣–٤) کاتژمێر سەردانی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن، کە ئاماژەیە بۆ ئاستێکی مامناوەندی بەکارهێنان، هەروەها نزیکەی یەک لەسەر پێنجی سامپڵەکە (٥ کاتژمێر و زیاتر) ڕۆژانە سەردانی ئەو تۆرانە دەکەن، لە کاتێکدا کەمترین ڕێژە پەیوەستە بەوانەی کە کەمتر لە یەک کاتژمێر سەردانی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن.

**خشتەی (٧)**
بەرکەوتەی ریکلامی نێو تورە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکە

| بەرکەوتەی ریکلام | برگەکان | دوبارە بونەوە | ڕێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| تۆرە کۆمەڵایەتییەکان | لینکیدئین | ٦ | ٢،١ | ٧ |
| | ئێکس | ١٦ | ٥،٦ | ٥ |
| | تیکتۆک | ٨٤ | ٢٩،٤ | ١ |
| | سناپچات | ٤٤ | ١٥،٤ | ٤ |
| | ئینستاگرام | ٦٨ | ٢٣،٨ | ٢ |
| | یوتیوب | ٩ | ٣،١ | ٦ |
| | فەیسبووک | ٥٩ | ٢٠،٦ | ٣ |
| | کۆی گشتی | ٢٨٦ | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٧) هەرچەندە فەیسبووک لە ڕووی ژمارەی بەکارهێنەرانەوە لە پلەی یەکەمدایە، بەڵام تیکتۆک لە سامپڵی توێژینەوەکەدا یەکەم پلاتفۆرمە کە بەکارهێنەران لە ڕێگەیەوە بەرکەوتەی ڕیکلام دەبن، پاشان ئینستاگرام و دواتر فەیسبووک دێن، ئەم ئەنجامەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەم ساڵانەی دواییدا کۆمپانیا و دامەزراوەکان زیاتر تیکتۆک بەکاردەهێنن بۆ بڵاوکردنەوەی ڕیکلامەکانیان، پاشان ئینستاگرام و فەیسبووک، چونکە تیکتۆک پشت بە ڤیدیۆی کورت و ناوەڕۆکی بینراو دەبەستێت و ئەلگۆریتمەکەشی بە شێوەیەکی فراوان ناوەڕۆکی ڕیکلامی بۆ بەکارهێنەران پیشان دەدات، تەنانەت بۆ ئەوانەی فۆڵۆی لاپەڕە بازرگانییەکانیش ناکەن، لە بەرامبەردا فەیسبووک


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps:**//sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12582]
- **Submission Date:** [16/7/2026], **Revised Date:** [16/7/2026], **Accepted Date:** [26/7/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

زیاتر بۆ پەیوەندی کۆمەڵایەتی و گرووپ و هەواڵەکان بەکاردەهێنرێت، بۆیە هەرچەندە ئاستی بەکارهێنانی زیاترە، بەڵام ئاستی بەرکەوتنی ڕیکلامی کەمترە لەچاو تیکتۆکدا.

**خشتەی (٨)**

هۆکاری بەرکەوتەی ریکلامی نێو تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکە

| بەرکەوتەی ریکلامی نێو تۆرە کۆمەڵایە تییەکان | برگەکان | دووبارە بونەوە | ڕێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| هۆکار | ناسینی کاڵای تازە | ٦٨ | ٢٣،٨ | ١ |
| | زانینی شوێنی فرۆشتنی کاڵاکان | ٥٢ | ١٨،٢ | ٤ |
| | بەراوردکردنی کاڵاکان | ٥٩ | ٢٠،٦ | ٢ |
| | چۆنێتی بەکارهێنانی کاڵاکان | ٣٨ | ١٣،٣ | ٥ |
| | زانینی نرخ و داشکاندنەکان | ٥٥ | ١٩،٢ | ٣ |
| | کاتبەسەربردن | ١٤ | ٤،٩ | ٦ |
| | کۆی گشتی | ٢٨٦ | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٨) زانینی نرخی کاڵا، بەراوردکردنی نرخەکان و ناسینی کاڵا نوێیەکان گرنگترین هۆکارەکانی بەرکەوتنی بەکاربەران بە ڕیکلامی تۆرە کۆمەڵایەتییەکانن، ئەمەش ئەوەمان نیشان دەدات کە بەکاربەران ئەم تۆڕانە وەک سەرچاوەیەکی زانیاری بۆ هەڵبژاردن و بڕیاردانی کڕین بەکاردەهێنن، هەروەها ئەنجامەکان ئاماژە دەدەن بە گرنگی ستراتیژییەکانی نرخ، داشکاندن و ناساندنی کاڵا نوێیەکان لە ڕاکێشانی سەرنجی بەکاربەران.

**خشتەی (٩)**

ئاستی کارلێککردن لەگەڵ ریکلامی نێو تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکە

| ریکلامی نێو تۆرە کۆمەڵایەتییەکان | برگەکان | دووبارە بونەوە | ڕێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ئاستی کارلێکردن | هەرگیز | ١ | ٠،٣ | ٥ |
| | بەدەگمەن | ٤٢ | ١٤،٧ | ٤ |
| | هەندێکجار | ٩٩ | ٣٤،٦ | ١ |
| | بەردەوام | ٨٤ | ٢٩،٤ | ٢ |
| | هەمیشە | ٦٠ | ٢١ | ٣ |
| | کۆی گشتی | ٢٨٦ | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٩) زۆرینەی بەشداربووان بە ئاستی جیاواز کارلێکیان لەگەڵ ڕیکلامی نێو تۆرە کۆمەڵایەتییەکان کردووە، ئەمە ئاماژەیە کە ڕیکلامی نێو تۆرە کۆمەڵایەتییەکان تا ڕادەیەکی زۆر بۆتە جێی بایەخی بەکاربەران، هەروەها بەراوردی ئەم خشتەیە لەگەڵ خشتەی (١٥) ئەوە نیشان دەدات کە ڕێژەی ئەوانەی کارلێک لەگەڵ ڕیکلامەکان دەکەن، زیاترە لە ڕێژەی ئەوانەی گرنگی پێ نادەن، کە ئەمەش پشتڕاستی ئەوە دەکاتەوە کە ڕیکلام لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بووەتە بەشێکی گرنگ لە چالاکییە ڕۆژانەکانی بەکاربەران، هەرچەندە ئەم توێژینەوەیە سروشت و مەبەستی ئەو کارلێکانە دیاری ناکات.

**خشتەی (١٠)**

شێوازەکانی بڵاوکردنەوەی ریکلام لەسەر تۆرە کۆمەڵایەتییەکان کە دەبێتە هۆی ڕاکێشانی سەرنجی سامپڵی توێژینەوەکە

| ریکلامی نێو تۆرە کۆمەڵایەتییەکان | برگەکان | دووبارە بونەوە | ڕێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| شێوازەکانی بڵاوکردنەوە | زانیاری | ٩٤ | ٣٢،٩ | ١ |
| | گاڵتەجاری | ٣٧ | ١٢،٩ | ٣ |
| | سۆزداری | ٢٨ | ٩،٨ | ٤ |
| | داشکاندن | ٦٠ | ٢١ | ٢ |
| | پشتگیری فلۆگەرەکان | ١٨ | ٦،٣ | ٥ |
| | کلیپەکان | ١٤ | ٤،٩ | ٦ |
| | چیرۆک گێڕان | ١٠ | ٣،٥ | ٨ |
| | دەرچوونی یانسیب | ٣ | ١،١ | ٩ |
| | پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بێبەرامبەر | ١٠ | ٣،٥ | ٨ |
| | گەرەنتی | ١٢ | ٤،٢ | ٧ |
| | کۆی گشتی | ٢٨٦ | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (١٠) پێشکەشکردنی زانیاریی ڕوون دەربارەی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان و هەروەها داشکاندن لە نرخ، کاریگەرترین شێوازەکانی ڕاکێشانی سەرنجی بەکاربەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوون، پاشان شێوازی گاڵتەجاری دێت، کە مەبەست لێی بەکارهێنانی ناوەڕۆکی گاڵتەئامێز و دڵخۆشکەرە لە ڕیکلامدا بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بەکاربەرانە، لە بەرامبەردا، چیرۆکگێڕانەوە و دەرچوونی یانسیب کەمترین کاریگەرییان هەبووە، کە دەتوانرێت پەیوەست بکرێت بە کەمبوونی متمانەی بەکاربەران بە جۆرەکانی ئەو ڕیکلامانە یان بە شێوازی پێشکەشکردنیان.

**خشتەی (١١)**

هۆکارەکانی ڕاستەقینەیی ریکلام لەسەر تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکە

| ریکلامی نێو تۆرە کۆمەڵایەتییەکان | برگەکان | دووبارە بونەوە | ڕێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| هۆکارەکانی ڕاستەقینەیی | پێشنیاری کەسانی ڕاستەقینە | ٧٠ | ٢٤،٥ | ١ |
| | دیاریکردنی نرخ | ٦٣ | ٢٢ | ٢ |
| | وێنەی بێ فلتەر | ٣٣ | ١١،٥ | ٣ |
| | ژمارەی فرۆشتن | ١٦ | ٥،٦ | ٧ |
| | زیادەڕەوی تیادا نەبێت | ٣١ | ١٠،٨ | ٤ |
| | چیرۆکی بەکارهێنەران | ٢٤ | ٨،٤ | ٥ |
| | پێشاندانی ڕەخنەکان | ١٨ | ٦،٣ | ٦ |
| | وەڵامدانەوەی پرسیارەکان | ١٥ | ٥،٢ | ٨ |
| | قەرەبووکردنەوە | ١٦ | ٥،٦ | ٧ |
| | کۆی گشتی | ٢٨٦ | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (١١) پێشنیاری کەسانی ڕاستەقینە و دیاریکردنی نرخی کاڵا گرنگترین هۆکارەکانی دروستبوونی هەستی ڕاستەقینەیی ڕیکلامن، ئەمەش ئەوەمان نیشان دەدات بەکاربەران زیاتر متمانە بە ڕیکلامێک دەکەن کە شەفافیی زیاتر هەبێت و پشتگیری لەلایەن بەکاربەران یان کڕیارانی ڕاستەقینەوە بکرێت.

٢_ زۆرینەی بەکاربەران ڕۆژانە لە نێوان (٣–٤) کاتژمێر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئاستێکی بەرزی بەکارهێنانی ئەم پلاتفۆرمانە و زیادبوونی دەرفەتی بەرکەوتنیان بە ڕیکلامی بازرگانی.

٣_ متمانەی بەکاربەران بە ڕیکلامی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ئاستێکی مامناوەندیدایە، بۆیە زۆرینەیان پێش بڕیاری کڕین، زانیارییەکانی ڕیکلام و کۆمێنتەکان دەپشکنن، هەروەها بۆچوونی بەکاربەرانی تر و بیروڕا گۆڕین لەگەڵ خێزان و هاوڕێیان ئەنجام دەدەن.

٤_ فەیسبووک و ئینستاگرام و تیکتوک، زۆرترین بەکارهێنەری هەیە بەراورد بە پلاتفۆرمەکانی تری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە هەرێمی کوردستاندا.

٥_ گرنگترین ستراتیژییەکانی ڕیکلامی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن بەکاربەرانەوە بریتییە لە کوالێتی ناوەڕۆک و دیمەنی ڕیکلام، ئاشکراکردنی نرخ، ئۆفەری داشکاندن و شایەتیدانی بەکاربەران، لە کاتێکدا دووبارەکردنەوەی ڕیکلام و بەشداریکردن لە ڕاپرسییەکانی نێو ڕیکلام کەمترین بایەخیان هەیە.

٦_ تیکتوک و ئینستاگرام و فەیسبووک گرنگترین تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانن لە ڕووی بەرکەوتنی بەکاربەران بە ڕیکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستاندا.

٧_ بەگشتی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە ستراتیژییەکانی ڕیکلامی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە ڕاکێشانی سەرنج، دابینکردنی زانیاری و ئاراستەکردنی هەڵسوکەوت و بڕیاردانی کڕینی بەکاربەران لە هەرێمی کوردستاندا.

**چوارەم: ڕاسپاردەکان بۆ کۆمپانیا و دامەزراوە بازرگانییەکان**

١_ لە هەڵبژاردنی پلاتفۆرمە جیاوازەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بۆ بڵاوکردنەوەی ڕیکلام، زیاتر گرنگی بە پلاتفۆرمی تیکتوک بدرێت، چونکە سەرەڕای ئەوەی فەیسبووک زۆرترین بەکارهێنەری هەیە، بەڵام تیکتوک لە ڕووی بەرکەوتنی ڕیکلام و کارلێکی بەکاربەران پلەی یەکەمی وەرگرتووە، بۆیە باشترە بەشێکی زۆرتر لە بودجەی ڕیکلام بۆ ئەم پلاتفۆرمە تەرخان بکرێت.

٢_ زیاتر گرنگی بە کوالێتی ناوەڕۆک و دیمەنی ڕیکلامەکانیان بدەن، بە جۆرێک کە زانیاریی ڕوون و دروست لەسەر نرخ، تایبەتمەندی، سوود، داشکاندن و ئۆفەرەکان پێشکەش بکرێت، لەگەڵ پیشاندانی ڕاستەقینەیی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان و کەمکردنەوەی بەکارهێنانی فلتەر و زیادەڕەوی لە وێنە و ڤیدیۆکاندا، چونکە ئەمە متمانە و سەرنجی بەکاربەران زیاد دەکات.

٣_ دوورکەوتنەوە لە دووبارەکردنەوەی بەردەوامی هەمان ڕیکلام، لە جیاتی ئەوە ناوەڕۆکی نوێ و داهێنەرانە پێشکەشبکەن، کە لەگەڵ پێداویستییەکانی بەکاربەران گونجاوبن، تاوەکو سەرنج و کارلێککاری زیاتر دروست بکات، چونکە ئەنجامەکانی توێژینەوە نیشانیان داوە دووبارەکردنەوەی ڕیکلام لەلایەن بەکاربەرانەوە کەمترین بایەخی هەیە.

٤_ دروستکردنی کارلێککاری چالاک لەگەڵ بەکاربەران، ئەمەش لە ڕێگەی وەڵامدانەوەی خێرای کۆمێنت و پرسیارەکان، یان بەکارهێنانی ڕاپرسی، بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی بەردەوام و بەهێز، چونکە ئەمە متمانەی بەکاربەران بەرزدەکات و هانیان دەدات بۆ کارلێکی زیاتر لەگەڵ ڕیکلامەکان.

**پێنجەم: پێشنیارەکان**

١_ پێشنیار دەکرێت لە توێژینەوەکانی داهاتوودا کار بکرێت لەسەر کاریگەری ستراتیژییەکانی ڕیکلامی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر لایەنە دەروونییەکانی بەکاربەران، وەک متمانە، هەست، ئارەزووی کڕین و بڕیاردان.

٢_ پێشنیار دەکرێت توێژینەوەی داهاتوو تیشک بخاتە سەر بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لە دروستکردن و ئاراستەکردنی ڕیکلامی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ڕۆڵی لە زیادکردنی کاریگەریی ڕیکلام لەسەر بەکاربەران.

٣_ ئەنجامدانی توێژینەوە دەربارەی ماف و پاراستنی زانیارییە کەسییەکانی بەکاربەران لە کاتی بەکارهێنانی ڕیکلامی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەریی ئەم بابەتە لەسەر ئاستی متمانەی بەکاربەران.

٤_ پێشنیار دەکرێت لە توێژینەوەکانی داهاتوودا کار لەسەر ئاستەنگ و کێشەکانی بەردەم ستراتیژییەکانی ڕیکلامی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بکرێت لە هەرێمی کوردستاندا.

**شەشەم: سەرچاوەکان**

**سەرچاوەکان بە زمانی کوردی**

١_ صابر، ظاهر حمد ئەمین، ٢٠٢٢، ڕیکلامی ئەلیکترۆنی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ڕۆڵی لە هاندانی بڕیاری کڕین لای قوتابیانی زانکۆ، تێزێکی دکتۆرای چاپنەکراوە، زانکۆی سەڵاحەددین، کۆلێژی ئاداب، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی**

٢_ العبابنة، حسن علي، ٢٠٢٥، التسويق عبر الشبكات الاجتماعية، للنشر والتوزيع، دار السواقي العلمية، عمان، المملكة الأردنية.

٣_ الكاملي، حاتم، ٢٠١٩، التسويق على منصات التواصل الاجتماعي، الناشر، جبل عمان، عمان، الأردن.

٤_ الهريمي، روان رائد إبراهيم، ٢٠١٩، أثر سلوك المستهلك الفلسطيني على القرار الشرائي للمنتج المحلي في الصناعات الغذائية، رساله ماجستير غير منشورة، قسم تنمية الموارد البشرية، جامعة القدس، فلسطين.

٥_ ثابت، هدى محمد، ٢٠١٧، التسويق الفيروسي وأثره على اتخاذ قرار الشراء لدى المستهلكين من مستخدمي مواقع التواصل الاجتماعي، لشريحة الطلبة في الجامعة الإسلامية بقطاع غزة، رساله ماجستير غير منشورة، قسم إدارة أعمال، الجامعة الإسلامية غزة، فلسطين.

٦_ حماد، محمد، ٢٠١٧، تأثير الإعلان عبر مواقع التواصل الاجتماعي على ولاء المستهلك للعلامة التجارية، دراسة مسحية على عملاء شركة سيريتيل في الساحل السوري، رساله ماجستير غير منشورة، قسم إدارة الأعمال، جامعة تشرين، سوريا.

٧_ حسناوي، إكرام، ضوايفية، جميلة، ٢٠٢٣، أثر الإعلان عبر مواقع التواصل الاجتماعي على سلوك المستهلك، رساله ماجستير غير منشورة، كلية العلوم الاقتصادية والعلوم التجارية وعلوم التسيير، قسم العلوم التجارية، جامعة الشهيد الشيخ العربي التبسي-تبسة، الجزائر.

٨_ خليفي، عائشة، ٢٠٢٠، الإعلان الإلكتروني وتأثيره على السلوك الاستهلاكي لمستخدمي الانترنت، دراسة ميدانية في الجزائر، رساله ماجستير غير منشورة، قسم علم الاجتماع، جامعة ٨ ماي ١٩٤٥- قالمة، الجزائر.

٩_ زواوي، عمر حمزة، ٢٠١٣، تأثير الإعلان الإلكتروني على السلوك الإستهلاكي للفرد، دراسة عينة من المستهلكين الجزائريين، رساله دكتورا غير منشورة، كلية العلوم الإقتصادية والعلوم التجارية وعلوم التسيير، قسم العلوم التجارية، جامعة الجزائر٣، الجزائر.

١٠_ صديقي، هديل، ٢٠٢٣، تأثير التسويق الالكتروني على سلوك المستهلك النهائي، دراسة حالة بريد الجزائر، رساله ماجستير غير منشورة، قسم العلوم التجارية، جامعة محمد البشير الإبراهيمي برج بوعريريج، الجزائر.

١١_ لسود، راضية، ٢٠٠٩، سلوك المستهلك اتجاه المنتجات المقلدة، دراسة حالة الجزائر، رساله ماجستير غير منشورة، قسم العلوم التجارة، جامعة منتوري قسنطينة، الجزائر.

١٢_ معراوي، أميمة، ٢٠٢٠، تصميم الإعلان، من منشورات الجامعة الافتراضية السورية، الجمهورية العربية السورية.

١٣_ مصطفى، عطا عبدالراضي أحمد، ٢٠٢٤، تأثير إعلانات موقع الفيسبوك على القرار الشرائي للمستهلكين، دراسة تحليلية في ضوء الدراسات السابقة، مجلة الآداب والعلوم الإنسانية، المجلد ٢، العدد ٩٨، ص ٦٦٢-٧٠٦

**سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی**

14_ Abdalaziz, Maha Mustafa Omer, 2019, Creative Strategy Used in Electronic Advertising, GIS Business, Vol. 14, No. 6, November–December, pp. 597–606.

15_ Adisa, Dorcas, 2023, Everything You Need to Know About Social Media Algorithms, https://sproutsocial.com/insights/social-media-algorithms/

16_ Al Akayleh, Fayq, 2021, The Influence of Social Media Advertising on Consumer Behaviour, Middle East Journal of Management, Vol. 8, No. 4, pp. 344–366.

17_ Alazzaz, Abrar Abdullah, 2025, Social Media Marketing Strategies and Their Impact on Customer Loyalty, Journal of Economic, Administrative and Legal Sciences (JEALS), Vol. 9, No. 7, pp. 1–16.

18_ Al-Ababneh, Hassan Ali, 2025, Consumer Behavior Online, Dar Al-Sawaqi Scientific House, Jordan.

and participating in surveys embedded within advertisements were discovered to be the least important. Moreover, findings revealed that TikTok, Instagram, and Facebook are the most important platforms for commercial advertisements in the Kurdistan Region, although levels of advertising exposure differ across these platforms. Generally, the results confirm that social media advertising strategies play a significant role in attracting users' attention, providing information, encouraging users, and guiding their behavior and purchase decisions in the Kurdistan Region.

**Keywords: importance, advertising strategies, social media websites, consumers' behaviors, Kurdistan region**

**الملخص:**

إن هذا البحث المنجز هو بعنوان (الاهمية الاستراتيجية لإعلانات الشبكات الاجتماعية لسلوك المستهلكين في اقليم كوردستان)، إن الهدف الرئيسي للبحث هو تقييم أهمية والتأثيرات الاستراتيجية لإعلانات في الشبكات الاجتماعية على سلوك المستهلكين، وهو من البحوث الوصفية واستخدمت فيه النظرية المسحية، وإن مجتمع البحث هم مواطني اقليم كوردستان المستعملين للشبكات التواصل الاجتماعي حيث لهم تماس مع الاعلانات على هذه الشبكات، وعينة البحث يتكون من (٢٨٦) عينة مختارة بطريقة العينة الغير عشوائية المنظمة والهادفة، وأيضاً تم استخدام الاستمارات الاستبيانية لجمع المعلومات.

إن أهم نتائج البحث يبين بأن من منظور المشاركين في الاستبيان فإن الجودة العالية لمضمون ومناظر الاعلانات، وكشف الاسعار، والتخفيضات وشهادة المستهلكين تشكل أهم الاستراتيجيات الاعلانية في شبكات التواصل الاجتماعي، في حين إن التكرار والمشاركة في الاستبيانات داخل الاعلانات كانت لها ادنى مستوى من الاهمية، وظهرت ايضاً، إن التيكتوك، الانستغرام والفيسبوك من أهم المنصات للإعلانات التجارية الى المستهلكين في اقليم كوردستان، مع وجود تفاوت في مستوى تماس المستهلكين مع الاعلانات بين هذه المنصات الاجتماعية، وبشكل عام فإن النتائج يؤكد الدور الهام الذي لعبته إستراتيجيات اعلانات الشبكات التواصل الاجتماعية في لفت النظر، توفير المعلومات وتوجيه سلوك وقرارات الشراء المستهلكين في اقليم كوردستان.

**الكلمات المفتاحية: الاهمية، استراتيجيات الاعلان، الشبكات الاجتماعية، سلوك المستهلك، اقليم كوردستان**

.

19_ Caswell, Kramer, 2025, Mastering Audience Targeting: Top Strategies for Effective Marketing, https://getuntitled.ai/blog/audience-targeting/

20_ Lake, Laura A., 2009, Consumer Behavior For Dummies, Wiley Publishing, Inc., Hoboken, USA.

21_ Master Stev, 2021, Smart Social Media Marketing, Silk Road Publisher, Toronto, Canada.

22_ Moorthi, Vanipriya, 2025, What Is Social Media Advertising? A Beginner's Guide, https://www.sprinklr.com/blog/social-media-advertising/

23_ NapoleonCat, 2026, Social Media Users in Iraq, https://napoleoncat.com/stats/social-media-users-in-iraq/

24_ Ramos, Damaris, 2021, Social Media Marketing Strategies for Increasing Small Businesses' Revenues, Unpublished doctoral thesis, Walden University, United States of America.

25_ Statcounter Global Stats, 2026, Social Media Stats Iraq, https://gs.statcounter.com/social-media-stats/all/iraq

26_ WordStream, n.d., Online Advertising: How to Create Effective Online Ad Campaigns, https://www.wordstream.com/online-advertising

**Abstract:**

This study titled "The Importance of Social Media Advertising Strategies on User Behavior in the Kurdistan Region" was conducted to evaluate the value and impact of social media advertising strategies on users' behavior. The study is descriptive in nature and adopted survey method. Study population consists of Iraqi Kurdistan Region residents who use social media platforms and are exposed to advertisements on these platforms. The study sample comprised of (286) participants selected through a non-probability purposive sampling. In addition, Data were collected through using questionnaire forms.

Main findings of the study, from this study's sample's perspective, displayed that high-quality advertising contents and visuals, price disclosure, discount offers, beside users' testimonials were considered the most important social media advertising strategies. In contrast, the advertisement repetitions

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12582]
- **Submission Date:** [16/7/2026], **Revised Date:** [16/7/2026], **Accepted Date:** [26/7/2026], **Published Date:** [30/9/2026]